
# چالاكیەكانی كەمپینی دژ بە ڕەشەكوژی و بەردەبارانكردنی ژنان لە كوردستان




بۆ ڕێز گرتن لە مەرگی دوعا بۆ هاوخەمی لە كوشتنی عەشقی دوعا، كەمپینی دژ بە ڕەشەكوژی و بەردەبارانكردنی ژنان لە كوردستان لە ئێوارەی ڕۆژی شەمە 2007–06–02 كۆبوونەوەیەكی جەماوەری گشتی لە سەر ڕووباری تایمز لەناو جەرگەی شاری لەندەندا ڕاگەیاند.
كۆمەڵێك خەڵكی ئازادیخواز و ئینسان دۆست كۆبوونەوە و سەرەتا (هۆزان محمود) بەرپرسی كەمپین باسێكی كورتی لەسەر ڕوداوی مەرگی دوعا بۆ ئامادەبوان كرد و تاكیدی لەسەرگرنگی كاری كەمپینەكە كردەوە وە ووتی دەبێت كۆتایی بەم ڕەشەكوژیە بهێنین، نەخشی بەرچاومان لە سەر مەسەلەی ژنان هەبێت لە كوردستاندا.
دواتر( دیانا نامی) ئەندامی كەمپین و( بەرپرسی ڕێكخراوی مافەكانی ژنانی كورد و ئێرانی لە لەندەن) تاكیدی لەسەر قسەكانی هۆزان كردەوە و ووتی ئێمە ئەركێكی گەورەمان لەسەرە، دەبێت بەجێی بهێنین هەوڵدەین ژنان لەو میحنەتە ڕزگار بكەین.
دواتر هۆزان محمود كە هەڤدە گوڵی ڕۆزی سوری دابەشكرد بوو بە سەر ئامادەبواندا فەرموی لە ئامادەبووان كرد كە ئەو هەڤدە گوڵە كە ڕەمز بوو بۆ تەمەنی دوعا هەڵدەنە ناو ڕووباری تایمزەوە بەم جۆرە كۆتایی بە بەرنامەی ئەو ئێوارەیە هات.

هەر لە پەیوەست بە مەسەلەی دوعاوە، كەمپین ڕۆژی 2007–06–05 بۆ خۆپیشاندانێكی ڕاگەیاند لە بەردەم سەفارەتی عێراق لە لەندەن، كۆمەڵێك خەڵكی ئینسان دۆست كۆبوونەوە . سەرەتا هۆزان محمود باسێكی به زمانی ئێنگلیزی لەسەر مەسەلەی دوعا كرد.
دواتر یەنار محمد بەرپرسی ڕێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق، باسێكی كورتی بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەسەر مەسەلەی ژنان لە عێراق كوردستان بۆ ئامادەبوان كرد.
دواتر وەفدێك كە پێک هاتبوو لە (هۆزان محمود، یەنار محمەد، مارگرێت ئۆین پارێزەری نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، ئاسۆ گۆران ) لە دانیشتنێكدا لەگەڵ سەفیری عێراق (صلاح شێخلی )و جێگرەكەی (علی بەیاتی) ماوەی چل دەقە قسەو باسێكی زۆریان لەسەر مەسەلەی ژنان كرد لە عێراق و كوردستان بەگشتی، وە مەسەلەی دوعا بەتایبەتی.
هۆزان نامەی كەمپینی لەسەر مەسەلەی دوعا دایە دەست سەفیر ئەویش بڕیاری دا بگەیەنێتە هەموو ئەو جێگایانەی تایبەتن بە مەسەلەی ژنان لە عێراق و كوردستان.



**ئامادەکردنی:**
**ئاسۆ گۆران**
**لەندەن** 2007/06/05